# گوڵەکانی ئیسماعیل




زەمین وویستی شەوێك بەدزی بەحرەوە
دوورە دییە  بمخنکێنێ و
کەس نەگاتە پەلە قاژێ ی ئاگرەکانی موحیبەتم
کەس وەهاناو هاواری عیشقەوە نەیە
بەحر وویستی ژێر مەلەی کچێکی ڕووت
بکاتە داوی کوشتنم
ڕۆژ نەبایە زوو بەزەردەخەنەی دەریا تێ دەکەوتم
سادەیی خۆم سادەیی خۆم ئە یخنکاندم
بۆ ئەم قەتڵە قەیاغیان لە گوڵ هێنابوو
هەتا هەتا چکۆلەترین شە پۆلیان
کردبوو وە تابووت لە ئاو
- با – ش دەیفەرموو هەر زەمانێ کتێبە مەرجانیەکانی
بوون بە گەرداوی هەناسە
بێ دەسکەوت سواغی ئەو قەتڵە بۆ من دانێن
ئێرە  ئێرە  فەزای عیشقە نەك خەتای شێن
لێرە  لێرە  گەمەی پەروانە و تەوور زین بەیەکەوە
گۆماوە نەك ڕۆشنایی زێ
هەر زەمانێ شیعر  بوو بە ووڵاتی دەمامك و
بوو بە زێراب بۆ حەقیقەت
ئیدی خیانەت مانای چی
ووتمان ڕۆژێك زەمەنێك دێ
مەزن ترین قەیسەری خوێن
لەبەر کوخی ماسی گرێکی عاشقدا پێڵاو جووت کاو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شەرم دەرسەكانی مەرگی بۆ شەرح كا
بەڵام هەرگیز چاوەڕێ ی ئەو ڕۆژە نەبووین عاشق
تۆ ئایەتەكانی عیشق بدۆڕێنی و
پشت بكەیتە ئەو ڕۆژانەی ساڵانی ئەو ئامادە بوو
لەتەك تاوە بارانی هەر ژووانێكدا
بەسەر كەوكەبی پەمەیی جەستەیەوە
جێ ئەسەری دەیان لەزەت جێ بمێنێ و
دووایش شانی ڕنراوی بەرگاز و
ماندوو بوونی كۆترەكانی
نیشانی تاووسە كوێرەكان بداو بڵێ
ئەم شل بوونە ئەوە حەزی دوا ئێوارەكانی ئەو بوو
سەفەر نزیك دڵم نەهات بەو پەنجەرە سەوزانەوە
شووشەی خواست و ئاوێنەكانی بهارم
دەنا دەنا نەمن ماڵی سووری موغامەرە و
نە ئەو شانی ڕووشانی گەڕەك بووە
نەمن ڕۆژێ حەزم لە فەساد بوونی خۆم بوو وە و
نە ئەو جارێ كۆچی حەیایی گەڕەك بوو وە
ئیدی عاشق خەجاڵەت بە
ئێرت لەچی و ئەوێت لەچی
لەوێ بووم بە چڵە مێخەكێكی ناو ڕۆژنامە و
بووم بە قورسایی وەرزێكی بێ هەواڵی ئەوپەڕی شار
تۆ تەماشا
بێ دەنگی ساڵە وەختێكی كەنار هۆرە
بەزمانی كچە هێلەك سەوزەكانی ئاگرەوە
لەنامەیەكی بە پەلەی
میناكانی سلێمانی و سەرچنارا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پەنجەرەی چ نیازێ دەخەنە سەر پشت

ڕۆشنایی چ ڕازێ دەڕژن

هۆ هیجرەتی

هۆ هیجرەتی وەرە شەوێ

ئەڵقە ڕێزی دەرگای ووڵات ڕاوەشێنە و وەژوورکەوە

هۆ پیاوی ڕەش ئێوارانی خۆت ببینە خۆت

تەماشای دەلاقەکانی موحیبەتی خۆت کە لەشار

کەنیشکێکی کەزی لولی چەلۆژەنی ئاوێنە پێست

بەکەتانێکی هەناری تاریکەوە

هەرکە لەئاهەنگی گوڵە مۆرەکانی دەبێتەوە

ئیدی ئیدی بەیادی ڕۆژانی دوێنێ

بۆ سەبووری عەسرانی کۆڕەکان دەگرێ و

لای ژووریش کورسیەك بۆ تۆ

کورسیەك بۆ شیعر و

کورسیەك بۆ ڕازی تازەت ئەی پیاوی ڕەش

ئیدی عاشق خەجاڵەت بە ئێرەت لەچی و ئەوێت لە چی

ئاودامانێ لە مەوجی شەوانی بەحر بەکێت بەخشی

هێلەکێکی گیایی سەوز کە ماڵی سەما و ئاگر بوو بەکێت بەخشی

ئەی کتێبی فەساد بوونی ڕۆژەکانت بەخشی بەکێ

ئەی لەمەودوا عەسران مەرگ

بەدیار کێوە بەجێ دێڵی

ئیدی ئێرە کۆتایی نەفەسەکانی ئیسماعیلە

ئیدی ئێرە دەربەنی ئەو ڕێبیانەیە

ئاوڕ دانەوەیان نی یە

ئیدی ئێرە سەحرای ئەو دۆزەخانەیە

ڕەنگە جاران لە شیعرێکدا ناسی بێتت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یان هەر ڕەنگە
لەبەیتێکدا
لە بەیتێکدا بینی بێتت
زستانی/1999/ڕۆما
xurmaly@yahoo.de



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com